صدیق محمود ئەلی مراد

# ئەنفال ڕیشەی بڕیمەوە، ئەنفال فەوتاندمانی



راپۆرتی ئەنفالستان
عومەر محەمەد .
شوێن : گوندی ئۆمەربل .
رێکەوتی ٢٠/١/سالّی ٢٠١١
فۆتۆکان : ئەنفالستان

ئەم پیرەمێردە ( صدیق محمود ئەلی موراد ) دانیشتووی گوندی ئۆمەربلە 23 کەس لە خانەوادەکەی ئەنفالکراون‌و بۆ خۆشی گیراوەو ئەنفالکراوە بەلّام پاش 6 مانگ‌و 12 رۆژ لە نوگرەسەلمان ئازاد کراوەوە بەسەر هەواری خالّیدا گەڕاوەتەوە، بۆ گەرمیان .

ئێستا لە گوندی ئۆمەربل لەخانوویەکدا تەنیاکەوتووەو ئەگەر دەرودراوسێ خواردنی ژەمەکانی بۆنەبەن خۆی توانای دروستکردنی پیالّە چایەکی نیە، مەینەتی‌و خەمەکانی ئەم پیرەمێردە ئەوەندە زۆرن هەرگیز قەلەمەکەی من‌و تەنانەت زومی کامێراش قودرەتای نیە بتوانن پەی بە هەموو ئازارەکانی ئەم مرۆڤە شکستخواردووەی ئەنفال بەرن، ئەو رۆژەی من دەمەو عەسرێکی درەنگ چوومە دیدەنی لە بەربەرۆژکەی مالّی دراوسێکەیان بەتەنیا هەر خۆی و گۆچانەکەی و خەمەکانی بەکەساسی دانیشتبوو، کە زانی ئێمە چوین بۆ دیدەدەنی زۆری لەخۆی کرد ، هەستێتەپێ ویستم بچمە ژێربالّی بەلّام هەرئەوەندەی بەلۆژە لۆژ گەیشتە بەردەم هەیوانی ژورەکەی ئیتر لەوە زیاتر نەیتوانی‌و بەگاگۆلّکی‌و لەسەرچنگ پێشمان کەوتبوو بۆ ژورە تەنیاکەی، کە ئەو پیرەمێردە ماندووە فەرمووی دەکردین‌و خولّقوخۆی دەنواند، زۆر سوپاسی هەلّویست‌و بەختی خۆمم کرد کە بەرپرسێکی گەندەلّی ئەم ولاّتە نەبووم، ئاخر ئەگەر من بەرپرسێك بم‌و تەنیاکەوتووەکانی ئەنفال بەو شێوەیەو ئەنفالچییەکانیش بەبێباکی‌و سمێلی بۆیاخکراوەوە ببینم دەبێت چۆن لەرووم بێت بچمە سەر شاشەی تیڤیەکان‌و درۆبکەم‌و بلّێم کەسوکاری شەهیدان‌و ئەنفالکراون " تاجی سەرن‌و بەرێزن‌و شکۆدارن‌و ئەم قسە ناراستانە.

سەرەتا مام صدیق ئەوەندە بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین ماوەیەکی زۆر دلّم گیراو نەمدەتوانی قسەبکەم، بەتایبەتی کە ئەوپیاوە لەدلّەوە دەیگووت: یاخوا بەخێربێن بان ئەم دوودییەم، وەلاّهی وەکو ئەوە وایە حەجێکتان کردبێ.. دەی برا خۆمن تەنیایی کوشتمی، من لەوکاتەدا شعورێکم لادروستبوو تۆبلێی هەرلەئەزلەوە کۆمەلّەخەلّکێك بۆ زولّم کردن‌و کەمینەیەکیش بۆ زولّمکردن دروستبن..؟ کەکەوتینە پرسیارکردن مەلا جەمیلی گوندی ئۆمەربل خۆی کرد بەژورداو سەلامی کرد ، ئیتر ئەویش چوو لە تەنیشت مام صدیقەوە دانیشت، هاتنی مەلا جەمیل بۆئەوە بوو ئەگەر کاربەدەستێك بێن ئەوبتوانێ هاوکاری مام صدیق بکات‌و باشتر تێمان بگەیەنێ کە ئەم پیاوە مافی بەسەرهەمومانەوە هەیەو باشتر هاوکاری بکەین، لەراستیدا هاتنی مەلا جەمیل هاوکارییەکی باش بوو بۆ ئێمە کەپرسیارم لەبارەی



ئەنفالكراوەكانیەوە كرد مام صدیق ووتی: بەخوا 22 تاكە نەفەرم رۆیوەو هەرخۆم ماومەتەوە بەلاّم مەلا جەمیل ووتی: 23 بەلاّم مام صدیق ووتی: 22 لەمشتومری نێوانیاندا مەلا جەمیل راستی كرد چوونكە یەكێك لەمندالّەكانی خانەوادەكەی بەپێی زانیاری مەلا جەمیل هەرلە گرتووخانەی تۆپزاوا لەدایكبووە، ئینجا مام صدیق سەری رەزامەندی بۆ راوەشاندو ووتی: راست دەكەی من فكرم باش نیە یەكێك لەبووكەكان لەوێ مندالّی بووە بەلاّم بون‌ونەبوون بەمن چی خۆی دنیایان نەدیتەوە..؟ بەراستی پرسیارێكی بەجێ بوو لەدایكبوون لەقەراغی گۆرەكانی كۆمەلكوژی جگەلە تۆماركردنی تاوانێكی ترچ مانایەكی هەیە..؟! مەلا جەمیل هەناسەیەكی هەلّكێشاو لەپڕ ئاخێكی هەلّكێشا وتی: ئاااااااااااااا خخخخ بەخوا خۆشی ئەنفالە ئەی برا ئەمە ئێستا ئەنفال نیە ..؟ تەنها بۆ خۆی ماوە .. مام صدیق دوای ئەوەی نەرمە كۆكەیەكی بۆ كرد ووتی: یاخۆ بەخێربێن بەخوا من بەرۆژ باشترم بەلاّم بەخوا بەشەو حالّم نیە مندالّەكان دێنە خەونم‌و ناهێلّن ئیسراحەت بكەم، زۆر بیریان لێ ئەكەمەوە ئەی برا ئەو هەموو گورگەلە ئەو هەموو كەنیشكە ئاوبردنی ئەرزقوتی دان ..؟ نازانم گوناهیان چی بوو..؟

هەركەسێك بۆیەكجار سەردانی ئۆمەربل بكات بە ئاسانی تێدەگات گەندەلّی چی بەم میللەتە كردووە...؟ ئاخر حكومەت پلانی هەیە بۆئەوەی ناتەندروسترین خەلك بدۆزێتەوە بیكاتە كارگێروكاربەدەست كەچی پلانی نیە مرۆڤێكی وەك مام صدیق لەخانەیەك، خەلّوەتگایەكدا نیشتەجێ بكات كە شایستەی مرۆڤ بێت، مام صدیق لەناو مالّەكەی خۆیدا بەگاگۆلكێ هاتوچۆدەكات ئیتر موچەی ئەنفالكراوەكانی بەو چی‌و چۆن وەری گرێ‌و بەم هەموو رۆتینات‌و بێنەوبەرەیەوە چۆن بگاتە دەستی ...؟ ئەگەربشگاتە دەستی چی لێبكاو چی پێبكا كە دەرودراوسێ نان‌و چای مالّی خۆیانی بۆ بەرن ..؟




مەلا جەمیل ووتی: ئەم پیاوە ئەنفال ڕیشەی دەرهێنا كوڕوكچ‌و ژن‌و كورەزاو كچەزا، ئەو كچانەشی لێرەو لەداوێ شویانكردبوو هەرهەمووی تاكە یەك كەسیان دەرنەچووە لە ئەنفالدا، هەرچەندە برازاكانی دێن بۆلای بۆی باشن دێن ئەیبەن بۆلای خۆیان بەلاّم ئیدارەناكات‌و دێتەوە بۆ ئەم

خانووی خۆی.. ئیتر مام صدیق قسەکەی لەدەم وەرگرتەوەو ووتی: ئیدارەناکەم برا ئیدارەناکەم شەوان کورەکان دێنەخەوم کەنیشکەکان دێنە خەوم ناهێڵن ئیسراحەت بکەم.. هەرئێرەم باشترە. ئیتر سەرێکی راوەشاندو ووتی: برێ خەتای خۆشی تێدابوو پیرەژنەکە هاتەوە بۆلام ووتی: منیان دەرکردەوە لەلای کەنیشکەکان ناردویانمیانەوە بۆ لای ئێوە بۆلای پیرەکانیان ناردووەتەوە، بەڵام من زۆرم لێکرد ووتم کچێ چی کەی لای من برۆ بۆلای کەنیشکەکان بەجێیان مەهێڵە ئەوەیان خەتای من بوو من ناردمەوە ئیتر رۆیشتن نەم بینینەوە. ئەی برامن چووزانم ئەو کافرە ئاوامان پێئەکات منیش ئاگری جگەرم وای پێکردم کێ ئەیوت ئەم حەمکە زەلامە سەرنگوم ئەکەن .. بەخوا بەخوا زۆرییەکەی لە عەقڵانەبوو دەی چاور کەنەفتی وەك منیان بۆنەگبەتی هێڵاوە..

مام صدیق بە ووتەی خۆی بەردەوام وێنەی کورێکیانی بەدەستەوەیەو چاویلەکەشی یاریدەی نادات بۆئەوەی باش بیبنێت، بۆیە هەر ئەمدیوەودیوی پێدەکات هەتا تەواو شەکەت دەبێت .. بەحەسرەتەوە دەلێت: منداڵەکانم چواریان کوربوون( تەلعەت، بهجەت، عوسمان، خەلیلو خاوەنی ژنو منداڵی خۆیان بوون، 11 مندڵیان هەبوو بێجگە لەژنەکانیان، کەنیشکەکانیشم، یەکێکیان ناوی سبریە بوو، یەکێکیان ئامینوحمدیەو ژنەکەشم ناوی ماهیدەبوو) مام صدیق خۆزگەیەکی هەیە وای بۆدەچم خۆزگەی هەمومان بێت ئەویش : دادگایی کردنی هەموو تۆمەتبارانی ئەنفالو سزادانی تاوانبارانە.